کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8-6-2007 0:40

## کوردسات منداڵەکانمان فێری جوێندان دەکات ... قادر قەرەداغی

فیلم ودراما بە و ئاوێنە پێناسە دەکرێتن کە ناخ وناوەڕوکی گەلەکەی پێشان دەدات، بەوپێەش هەرسی چیروك وشاکارە درامای چیروك نووسی لیهاتووی میسری نەجیب محفوز (بین القصرین، قصر الشوق، السکریە) بە پیناسەیەکی تیروتەسەلی کومەڵگای میسری ناودەبرێت لەو زەمانەی چیروکەکەی تیدا نووسراوە چونکە ڕووداو و مێژوو دەگەێڕێتەوە، بۆیە ئەمروکە دەبینین هولیوود بووەتە سەنتەری سینەمای جیهانی وهەموو ئەکتەرەکانی جیهان بەحەسرەتەوەن ڕولی فیلمیك لە پایتەختی سینەمای جیهانی ببێنن، ڕەکابەری نیوان وڵاتانی دنیا بەتایبەت هیند وئەمریکا وئەوروپا شاراوە نیە چونکە هەریەك دەیەوی بازاری خوی گەرم وگورتر بکات، ئێمەی کوردیش شانازی بە فیلم ودراما کۆنەکانی خۆمان دەکەین هەرچەندە لە تەلەفزیونە شەق وشڕەکەی بەغدا بەرهەم هینراون، لەپاش ڕاپەڕین وئازادیشەوە میللەتەکەمان هەنگاوی بویری ناوە لەسەرجەم بوارەکان بە گشتی وبواری دراما وزنجیرە تەلەفزیونی بەتایبەتی ئەمەش مایەی فەخرە، چونکە دەبی منداڵ وگەنجی ئیمە بە مێژووی خۆی ئاشنا بێت ولیی بڕوانی وتێبگات، ولەگەڵ خزانی سەتەلایت بۆ نیو ماڵی هەریەك لە ئێمە بە ئاشکرا کاریگەری ئەڵقە و زنجیرەکانی کەناڵە عەرەبی یەکان لەسەر هەر تاکێکی کومەڵگای ئێمە بە ڕوونی دیار بوو، بۆیە هەر لەگەڵ دەرکەوتنی کەناڵی ئاسمانی کوردی وەك "کوردسات وکوردستان تی ڤی و میدیا" وپاشان ئەوانی دیکە شاگەشکەیەك بە دەماری ئێمەی کورد هات چونکە هەستمان بەوە کرد ڕۆژی ئەوە هاتووە بە زمانی خۆمان بە دیالیکت و گفتوگوی خۆمان لەگەڵ مێژووی خۆمان ئاشنا بین بۆیە چاوەڕوانی کاری گەورە وچاك بووین چاوەڕوانی بەرنامەی پێشکەوتوو مودیرن بووین چاوەڕوان بووین ئەو مینبەرانە ببن بە ئاوێنەیەك و حاڵی کورد بۆ جیهان بگویزانەوە بەڵام بەشێکی زۆری خەونەکانی ئێمە بەهەوا داچوون وەك شنە با چونکە کەناڵە ئاسمانیەکانی ئێمە نەك نەیانتوانی شان بەشانی کەناڵە عەرەبیەکان بنوبینەری کورد بۆ خۆیان ڕاپێچ بکەن بەڵکو هەوڵیشیان نەدا. تەنها لە بازنەیەکی تەسکدا دەخولانەوە بۆیە دەمانبینی تەنها لە کاتی مانگی ڕەمەزاندا زنجیرە درامایەك نمایش دەکرا، نەتوانرا کادیری ئەوتوو دروست بکرێت یان نەتوانرا چەند دەستەیەك دروست بکرێت بۆئەوەی هەردەم زنجیرە درامای بە پێز میوانی ماڵەکانی ئێمە بێت. وهەروەها نەتوانراوە چیروك نووس وسینارستی هەمە چەشنە بایەخ و پەرەی پی بدرێت چونکە کورد دەوڵەمەندە وشانازی بە ڕومان نووس وچیروك نووس ودەرهینەرەکانی خۆی دەکات،

کەچی ئەوەی بینەر دەیبینی وهەستی پی دەکات وڕەخنەی لێی هەیە ئەو درامانەی کوردسات پێشکەشی دەکات بە تایبەت ئەوانەی (حوسین میسری) چیرکەکەی لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێتەوە ئەویش ئەوەیە مەشروب خۆر ومەی خۆرەکان کەسانیکی زۆرینەن لە نیو کوردا وهەر ئەوانیش پیاو باشن وپاك وبی گەرد ومەلائیکەن وهەرچی چاکە هەیە لەناو لەشی ئەواندایە لە بەرامبەردا ئەوەی نوێژ کەر وحاجی ومەلا هەیە هەمووی ساختە چی وقولبڕ ودروزنن ئەمەیە حوسین مسری دەیەوی بە ئێمەی تێبگەینێت ئەمەیە هەموو بیروکە وئایدیای زنجیرە دراماکانی، وەك ئەوەی پیمان بڵێت باوك وباپیر ومام وخاڵتان کە حاجی ونوێژ کەرن مایەی شانازی نین بۆتان بەڵام پاڵەوانە عارەق خورەکانی ئەو تاجی سەری هەموو تاکێکی کورد بە کورتی دەیەوی مەشروب وعارەق لەگەڵ بەشەخوراك دابەش بکرێت چونکە دەرونمان پاك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەکاتەوە!! واتا دەیەوی ناخی پاکی هەر پیرە میرد وپیرەژنێکی کورد بە نەوازی دەربخات بۆیە هەردەم لەلای ئەو مەشروب خۆر براوەیە ونوێژ کەر دۆڕاوە!!

بۆیە دەبینن لە زنجیرە دووبارە پەخش کراوی" وەستا جومعە" چی تانەیەك لە ناخی پاکی ئێمەی کورد دەدات، وکومەڵگای کوردی وەك ستەم لێکەرێك لە ئافرەت نیشان دەدات، ئەمانە هەمووی دەکەوێتە لایەك کاتێك دەقی گفتوگو نیوان ئەکتەرەکان دەبینی بەتایبەت ئەو جوینانەی وەستا جومعە دەیدات بۆ چەندین جار دووبارەی دەکاتەوە بۆیە لەسەر زاری وەستا جومعەوە منداڵی ئیمەی کورد فیری جوینی پیس دەبی بەمەش لاپەڕەیەکی شەرمەزاری دیکە دەچێتە سەر شانی کورد بە دەستی (حوسین میسری) کە وەهای نیشان دەدات پیرەمیردی کورد ڕەزیل وداپڵوسینەر ودەم پیسن!!من پرسیاری ئەوەی لی دەکەم لەو هەموو زنجیرە درامای میسریاندا تاکە جوینێك هەیە؟ من پرسیاری لێدەکەم بۆچی نیە؟ وپێی دەڵێم ئیرە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستە واتا ئەو ئەڵقەی تۆ پێشکەشی ئێمەی دەکەی منداڵ وگەورە دەیبینی واتا کاریگەری هەر ئەکتەرێك بەسەر هەر منداڵێك دەبێتە مایەی لاسایی کردنەوە ئەو ئەکتەرە ومنیش پرسیارت لی دەکەم ئایە قایلی منداڵەکانی خۆت فیری جوین دان بن وبەچی هەقێك

منداڵی ئێمە فیری جوین دەکەی؟؟ لە کوتایداپێی دەڵێم کاك حوسین زنجیرە ودراما کەلتووری ئێمە پێشان دەدات بە گەلان وئەو کەسانەی ئەیانەوەی بە کورد ئاشنا بن ودڵنیام ئەم کارانەی تۆ دەبینن. ودڵنیاشم دوژمنانی کورد زۆر بەختەوەر دەبن کاتێك کارەکانی تۆ وکەسانی وەك تۆ دەبینن چونکە تۆ بەم ڕەفتارانەت دەیسەلمێنی کورد میلەتێکی شەڕکەر وجوینفروش و دڵ پیسە بۆیەتۆ کورد لە بەرچاوی کورد دەخەی؟ چما لە بەرچاوی دوژمنانی چی دەکەی ئەویش خودا دەیزانی؟من گلەیی لە تۆ ناکەم چونکە هەر ئەوەندەی لێی دەزانی یان بیروکەی زنجیرە ودراماکانت هەر ئەم تورقاڵەیە کە دەڵێی خۆم مەشروب خورم وخۆم باشم وهەموو نوێژ کەرەکان خراپ وداوین

پیسن. من گللەیی لە خاك تیڤی وکوردسات دەکەم کە پارە وپۆڵی کوردی بەدبەخت دەنینە بەردەست تۆ بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ناراستەو خۆ جوین بە کورد بدەی.

Qadr975@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.